عێراق و تورکیا لە دۆخە تاوتوێی کێمکردنەوەی گرژییەکان و پتەوکردنی هەماهەنگی هاوبەش دەکەن



ئەمڕۆ یەکشەممە"فوئاد حوسێن" وەزیری دەرەوە، لەگەڵ "هاکان فیدان"هاوتا تورکییەکەیدا،گفتوگۆی کرد لەسەر ڕێگاکانی بەهێزکردنی هاوکاری لە بواڕەکانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوە،کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، تیایدا ئاماژەی بەوە داوە: "فوئاد حوسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە،لە پێراوێزی بەشداریکردنی لە کارەکانی کۆبوونەوەی 23 دۆخە ، چاوی بە "هاکان فیدان " وەزیری دەرەوەی تورکیا کەوت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : لە میانی دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، و ڕێگاکانی بەهێزکردنی هاوکاری لە بواڕەکانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی، بەشێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکات و سەقامگیریی هەرێمی بەهێز بکات.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : هەردوولا باسیان لە پێرسەندنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کرد، بەتایبەتی دۆخی سووریا، کە تیایدا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگیی پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری، و هاندانی وێبەرهێنان و دەستپێشخەرییە گشتپەدانەکان بەشێوەیەک کە بەشدار بێت لە کێمکردنەوەی نیهامەتیی گەلی سووریا.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : هەردوولا گفتوگۆیان کرد لەسەر دۆسیەی ئێران و پێویستیی کێمکردنەوەی

گرژییەکان لە ناوچەکە، و پاڵنان بۆ چارەسەری سیاسی کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بێت، بەشێوەیەک کە ئاسایشی هەرێمی بەهێز بکات.

ڕاگەیەندراوەکە ڕوونیشیکردەوە : کە "حوسێن" باسی لەچەندین تەوەری گشتگیر لەبارەی پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراق پێشکەش کرد، و ئاماژەیدا بە سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و گفتوگۆ بردەوامکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، کە ئەمە ڕێنگدانەوەی پێشکەوتنە لە چەسپاندنی دیموکراسی و بەهێزکردنی سەقامگیریی ناوخێیی.

لە کۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر پەرەپێدان بە بردەوامبوونی هەماهەنگی و هاوکاری سەبارەت بە پرسانەی، کە جێی بایەخی هاوبەشن، و بنیاتنانی لەسەر پەیوەندییە مێژوویی و جوگرافییەکانی نێوان هەردوو وڵات.